# هەولێر و کارەبا و موقتەدا

گۆران محەمەد

کە لە گەڕەکی سەدر ئاو یان کارەبا نابێت، بە فەرمانی موقتەدا هەموو خەڵك خۆیان بۆ خۆپیشاندان ئامادە دەکەن، کە حکوومەت بەم نیازە دەزانێ بە موقتەدا دەڵێ پیاوی چاك بە مەکەن بۆتان چاکدەکەینەوە، موقتەداش هێشتا رازی نابێت و دەڵێ خەڵکینە ئەگەر تا فلانە رۆژ حکوومەت گفتی خۆی بەجێنەهێنا وەرنە سەر شەقام، لەم کەینوبەینەدا زۆر جار قسەی موقتەدا و خەڵك سەر دەگرێت و حکوومەت لە شەو و رۆژێکدا گرفتەکە چارەسەر دەکات.

بە نموونەی سەرەوەدا دەردەکەوێت کە لە واری خزمەتکردنی هاووڵاتیاندا، موقتەدا بە تەنێ لە ئەنجوومەنی بەیاننامەنووسانی خۆمان چالاکترە ئاخر ئەو رووی لە خەڵکە و پشتی پێیان قایمە، نەك وەك ئێوە پشتی لە خەڵك بێت، ئەی ئەوە نییە لە هەردوو ئیمارەتی دهۆك و سلێمانیدا کارەبا لەوەی یەکەمیان فوول و لەویدەکەشدا باشە لە کاتێکدا هێشتا شەوانی ئیمارەتی ئەربیل تاریکستانە..! ئەوە چۆن حکوومەتێکە (بە دوو ئیدارە و دوو کۆستەر وەزیرەوە) بە چواردە ساڵ کێشەی کارەبای (بۆ خەڵك دەنا خۆیان بێ عەیبن) پێچارەسەر نەکراوە؟ ئاخر تۆ ئەگەر ڕانە مەڕێکیشت هەبێت قومە ئاوێك و گلۆپێکیان بۆ دابین دەکەیت، بە ریشی کێ رەوایە کارەبا لە هاووڵاتی کوردستان ببڕیت و بیدەیتە بەغدا؟ ئەوە کامە ویژدانە رێگە بەو کارە دەدات؟ ئەوە ریشسپییەك نەبوو پێتان بڵێ تا ماڵ وەستابێت مزگەوت حەرامە؟. پێناچێت دانیشتوانی پایتەخت هاووڵاتی پلە سێزدەش بن، ئەگەر نا لە هاوینی 2005دا وەك ئەوەی ئێستا هەیە رۆژانە تەنێ سێ کاژێر کارەبایان نەدەدانێ و نەیاندەهێشت بیست لیتر بەنزین بگاتە 10000دینار.

چواردە ساڵە سەرانی کورد دەوڵەمەندتر و خەڵکیش هەژارتر دەبن، بەرپرسان تەنێ گیرفانیان گەرمایەتی دەنا کارەبایان فوول و ماڵەکانیان سەرسەرە، خەڵکیش تەنێ دەروونیان سارد و سڕە و ژیانیان جەهەننەم، لە کن مە خەون جوگرافیای تایبەتی هەیە و بۆ هەموو کەس نییە خەون بە ژیانێکی ئاسوودەوە ببینێت، ئەوە نییە شوورەی شاری خەونان ماف ئەوانە دەپارێزێت کە شایستەی خەون بینینن نەبادا لە گەڵ رەشورووتی تەنێ بە مردن شایستەدا تێکەڵ بن..!

کە سەددام لە سەروەختی ئەنجامدانی حەماقەتێکدا بوایە و بۆ ئەوەی میللەت لەو حەماقەتەی نەکۆڵنەوە، خەڵکی بە شتی لاوەکی وەك نرخی کەلو پەل، نەوت، کارەبا ...تد سەرقاڵ دەکرد، نازانم بۆ کە هاوزەمان پرسی فشەدەستوور و نەبوونی ئاو و کارەبا و گرانیی بەنزین لە ئارادایە ئەو نموونەیەی سەرەوەم بیرکەوتەوە، پێدەچێت ئەمەش پیلانێك بێت تا خەڵکی لە بری ئەوەی بپرسن ئەرێ هێڵە سوورەکانتان چییان بەسەر هات، سەرقاڵی خۆ فێنککردنەوە و پەیداکردنی جەلیکانە بەنزینێك بن، ئێوە کە دوای چواردە ساڵ حوکمڕانی و لە گەرمەی هاویندا ئاو و کارەبا و بەنزینتان پێ دابین نەکرێت ئیدی کامەیە ئەو بەناو دەستکەوتانەی بە قەڵەمی سیحری نووسراون و ئێمە نایانبینین.؟